


# ژوانگە



# جینێڤەر لۆرانس یەکەمە

لەگەڵ کۆتـــایی هــــاتنی ســـاڵی ٢٠١٤ دوای ئامــــارێکی سەرتاســـەری گۆڤـــاری فـــۆربس ئاشـــکرایکرد کە جینـــێڤەر لـــۆرانس ئەکـــتەری بەناوبـــانگی ئەمریکـــا زۆرتـــرین داهـــاتی هەبووە.

جینـێڤەر لۆرانســی تەمەنــی ٢٤ ســاڵ لەمــاوەی ســاڵی ٢٠١٤ یەک ملیـــار و ٤٠٠ ملیـــۆن دۆلاری لە فیلمەکـــانی Hunger Games و Mockingjay و X-Men: Days Of Future Past دەســـت کەوتـــووە گۆڤـــارەکە باســـی لەوەشـــکردووە کە لـــۆرانس تەنهـــا لە داهـــاتی تکتـــی فیلمـــی Hunger Games ٣٣٣ ملیـۆن و لە فیلمـی X-Men: Days Of Future Past ٢٣٣ ملیـۆن دۆلاری دەسـت کەوتووە.

لەلایەکـی دیـکەوە لـۆرانس لە پەیجـی گۆگـڵ زۆرتـرین گەڕانـی لەســـەرکراوە بەم هـــۆیەوە نازنـــاوی زۆرتـــرین گەڕانـــی ســـاڵی ٢٠١٤ی بەدەســـتهێناوە. رۆژنـــامەی دەیلـــی مەیلـــی بەریتـــانی بـــڵاوی کـــردەوە کە لـــۆرانس توانیـــویەتی بەهـــۆی ئەم هەمـــوو جەمـــاوەرە زۆرەی هەیەتـــی ئەم نازنـــاوە بباتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی خەڵاتـــی گۆڵـــدن گلـــۆپی بە فیلمـــی (ئەمێریکـــان هاســـڵ) وەرگـــرت، هەرچەنـــدە لەم فـــیلمەدا لـــۆرانس کەمتـــرین کرێـــی بەشـــداریکردنی وەرگرتـــووە بە بەراورد لەگەڵ هاوڕێکـــانی بەڵام توانی سەرنجی بینەران بۆ لای خۆی رابکێشێت.

# کوردەکان بەرگری لە هەمووان دەکەن

وەکـو رێـز و سـتایش بـۆ بەرێـوەبەری هەفتەنامەی شارلی ئێبدۆ **مسیۆ شارب** کە لە هێرشـە تیرۆریسـتەکەی رۆژی ٧-١-٢٠١٥ دا لە پـاریس کـوژرا، ئەو کـورتە وتـارەیم وەرگێــڕا و لێـــرە بـــڵاوی دەکەمەوە، وتارەکە لە رۆژنامەی هیومانیتێ لە ٢٢ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ بڵاوبۆتەوە.

**نەزەند بەگیخانی**



من کورد نیم، یەک وشەی کوردی نازانم، ناتوانم ناوی یەک نووسەری کورد بهێنم. من کولتوری کوردی ناناسم .ئاە، نا !بەسـەرم هاتووە کە خواردنی کوردی بخـۆم.... بـا لەمە گەڕێین. ئەمرۆ، من کوردم، بە کـوردی بیـر دەکەمەوە، بە کوردی دەدوێم، بە کوردی گۆرانی دەڵێم، بە کوردی دەگریم. ئەو کوردانەی کە لە سـوریا ئابڵۆقەدراون کـورد نـین، بەڵکو مرۆڤایەتین، مرۆڤـایەتییەک کە لە دژی تاریکی بەرخۆدان دەکەن، ئەمـان بەرگری لە ژیـانی خۆیـان دەکەن، بەرگـری لە خێزانەکانیـــان دەکەن، لە وڵاتەکەیـــان دەکەن، بەڵام بیانەوێ و نەیانەوێ کورد تاکە لەمپەرە لەبەرامـبەر هێرشـەکانی دەوڵەتـی ئیسـلامی"داعـش. کوردەکـان بەرگری لە هەمووما دەکەن، نەک تەنیا لە دژی ئیســـــلامیکی وەهمــــی کە تیرۆریستەکانی داعش نوێنەرایەتی ناکەن، بەڵکو لە دژی ئافاتێکی ئێکجار بەربەری بەرخــــۆدان دەکەن لە کاتێکـــدا لەبەر هۆکاری جیاواز، زۆربەی ئەندامانی ئەو هێزەی هاوپەیمانان کە گوایە لە دژی ئەو سەربڕانە "داعش" دەجەنگێ، لە رابردوو و ئێستاش بۆ هەندێکیان بەرژەوەندیی هاوبەشـــی ســـتراتیژی و سیاســـی و ئابووریـان هەیە لەگەڵ داعش، ئەوە چۆن متمانەمان بەو هێزە هاوپەیمانییە هەبێت؟ لە دژی خۆپەرستی و مەرگ، ئەمرۆ تەنیا گەلی کورد هەیە.

# شاکیرا کوڕەکەی فێری 7 زمان دەکات




گـــۆرانیبێژی کۆلـــۆمبی نـــاودار شـــاکیرا باســـی لە ئـــارەزووی فێرکردنـــی میلانـــی کـــوڕی بە حەوت زمـــان کـــرد، ئەو ئامـــاژە پێکـــردنە بـــۆ ئەوەیە کە منـــداڵ دەتـــوانێ فێـــری زمـــان ببێـــت پـــێش ئەوەی تەمەنـــی بگاتە سێ ساڵی.

شـــاکیرا وتیشـــی کـــات زوو نیـــیە بـــۆ فێرکردنـــی منـــداڵ و ئاشـــنابوونیان بە کتێـــب تەنـــانەت ئەوانـــی تـــازەش لەدایکبوونە.

شـــاکیرا باســـی لە مـــامەڵەکردنی خـــۆی و یـــاریزانی هەڵبـــژاردەی ئیســـپانی و تیپـــی بەرشـــەلۆنە (جێـــرارد پیکـــیە)ی هـــاوڕێی لەگەڵ میلانـــی کوڕیـــان کـــرد کە ئەوان دایـــک و بـــاوکێکی میهرەبـــانین و بەشـــێوەیەکی جـــوان و بەردەوامـــین ئەگەر لەنێوان خۆمان بێ یا لەگەڵ میلان.

باسیشـــی لەوە کـــرد کە بەشـــێوەیەکی رۆژانە خـــۆی و پیکـــیە قســـە لەگەڵ کوڕەکەیـــان دەکەن و ئەوەی پێویســـتی بە روونکـــردنەوە هەبـــێ ئەوە بـــۆی روون دەکەیـــــنەوەو لەگەڵ بەخشـــــینی خۆشەویســـتی پێـــی، پێمـــان وایە کە بەو شـــێوەیە گەورە دەبێـــت و هەســـت بە بەهـــای خـــۆی دەکـــات و دەتـــوانی بە ئازادی رای خۆی دەربڕێ.

شـــاکیرا ئامادەکـــاری بـــۆ پێشـــوازیکردنی لە منـــداڵی دووەمـــی دەکـــات، کە هێشـــتا لەگەڵ هاوبەشـــی ژیـــانی نەگەیشـــتوونەتە رێککەوتـــن لەســـەر نـــاوی منـــداڵە تازەکەیـــان، هەواڵەکـــانیش ئامـــاژە بە هاوســـەرگیریی هەردووکیـــان (شـــاکیرا وپیکـــــیە) دەکەن دوای لەدایکبـــــوونی منداڵی دووەمیان.

# سندوقی رەش بۆ ئۆتۆمبێل دادەندرێ

کۆمپانیاکـــانی دروســـتکردنی ئۆتۆمبێـــل گەیشـــتونەتەوە ئەوەی کە ســـندوقی رەش بـــۆ ســـەرجەم ئۆتۆمبێلەکانیـــان دابنـــێن بـــۆ گەڕانەوە بـــۆ پـــێش روداوەکـــانی هـــاتوچۆو دڵنیـــایی لە زانیـــاری راســـت و ورد بـــۆ کۆمپانیـــا دڵنیاییەکـــان. بەڵام هەنـــدێ لەسیاســـیەکان ترســـیان لا دروســـتبوو لەگـــۆرینی ئەو سندوقەرەشـــە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ کاری سیخوری بەسەر کەسایەتییەکاندا.

لەســـەرەتاوە کۆمپانیـــا دڵنیاییەکـــان هەڵســـان بە دابینکردنـــی بـــڕی تێچـــوون بـــۆ ئەو لایەنەی کەتابلۆی تۆمارکردنی جوڵەی ئۆتۆمبێلەکە ئامادەدەکات.

ئەمەش پێویســـتی بەوەیە لە یەکێتـــی ئەورووپـــا یاســـایەکی نـــوێ دەربکرێـــت بەوەی کە دەبێـــت ســـەرجەم ئۆتۆمبێلەکـــان ســـندوقی رەشـــی هەبێـــت و بەســـترابێتەوە بە مـــانگە دەســـتکردەکان بـــۆ ئاگـــاداربوون لە روداوەکـــانی هاتوچۆ.



بۆ ریکلام کردن
پەیوەندی بەم ژمارە
تەلەفۆنەوە بکەن
٠٧٥٠٤٤٦٨٥٥٣

# بۆ ئەوەی دەروونێکی ئارامت هەبێت

* چاوەڕوانی شتی زۆر لە خەڵک مەکە.
* مەهێڵە شکست لە تواناکانت کەم بکاتەوە.
* مەهیڵە رابردوو کاریگەری لەسەرت هەبێت.
* ژیانی خۆت بە دڵخۆشکردنی کەسانی تر مەبەسەر.
* مافی هەموو کارێک بدە گەر زۆریش بچووک بێت.
* چێژ لە ئارامی دەروونت وەربگرە.
* پەیوەندی لەنێوان ئامانج و شێوازی ژیانت دروست بکە.
* ژیان جوانە لە خۆشییەکانی چێژ وەربگرە.
* گرنگی بە قژ و پێست و کێشت بدەو ئاگاداری کارەکانت بە.

رۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمیتاز: رێکار ئەحمەد، تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٤١٩٧٢٢
سەرنووسەر : سەردار محەمەد، تەلەفۆن: ٠٧٧٠٦٥٤٤٢١٦

نووسینگەی هەولێر
گەڕەکی راستی، دەروازەی شەقامی جووتسایدی راستی
نزیک ئۆفیسی هەولێری ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کودستان
تەلەفۆن:٠٧٥٠٣٩١٦٠٨٥ rojiigel@hotmail.com